# بەر لە هاوسەرگیری

دەروونناس/ سامان سیوەیلی

بەهـــۆی هەلومەرجـــە ئایینـــی و کۆمەڵایەتییەکانـــی کۆمەڵگەی ئێمە، هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ هەتا دەچنە ناو کەژاوەی ژیانی هاوسەریی وەك دوو بوونەوەری نامۆ بەیەك مامەڵە لەگەڵدا دەکەن، خۆ بوونی پەیوەندی سۆزداری و هاوڕێیەتیش لەپێش ژیانی هاوسەرییدا و لەقۆناغەکانـــی خوێندنـــدا لەلایەك ســـنووردارە و لەلایەکی تریشەوە لێوان لێوە لەنمایش و موجامەلاتی ڕواڵەتی و هەندێ جار ناڕاستگۆیی. پرۆگرامەکانی خوێندن لەقۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا لەکوردستان هیچ ڕۆشـــناییەك ناخاتە سەر لایەنی سایکۆلۆژی و فسیۆلۆژی مرۆڤ بەجۆرێك یاریدەی هەر ڕەگەزە بدات بۆ ناســـینی ڕەگەزی بەرامبەر، کەناڵـــە جۆراوجۆرەکانـــی ڕاگەیاندنی کوردیـــش وەك پێویســـت گرنگییان بەم لایەنە نەداوە، خێزانی کوردیش یان هەر قســـەی نییە لەمبـــوارەدا یان کەمترین قســـە و زۆرجاریش زانیاری ناڕاست و دروســـت دەداتە ڕۆڵەکانـــی. هەر بۆیە دەبینین ڕێژەیەکی بـــەرز لەخێزانە تازە پێکهاتووەکان دووچاری کێشە و گرفتی جۆراوجـــۆر دێـــن کەدەرئەنجامی ئەو بۆشـــاییەیە لەبواری نەبوونی زانیاری دروست و زانستییانە سەبارەت بەلایەنی ســـایکۆلۆژی و فســـیۆلۆژی هەردوو ڕەگـــەز. بەر لەدوو ســـاڵ ســـەردانی ســـەرۆکایەتی دادگای ســـلێمانیم کرد وتووێژێکـــم لەگەڵ چەنـــد دادوەرێکی بەڕێزدا ئەنجامدا سەبارەت بەپرۆژەیەك کەپێشـــتر ئامـــادەم کردبـــوو دەربارەی کردنەوەی خولی ئامادەکردن (شیاندن)ی کچان و کوڕان بۆ ژیانی هاوسەرگیری، ئەو خولەی پیشنیارم کردبوو پێکهاتبوو لەئاشناکردنی کچان و کوڕان بەلایەنەکانی سایکۆلۆژی و فسیۆلۆژی و نەخۆشیی جەستەییەکان و مافە یاساییەکان و مافە شـــەرعییەکان و مافە کۆمەڵایەتییەکان و سایکۆلۆژیای سکپڕی و سایکۆلۆژیای منداڵ، تاکـــو بتوانرێت لەم ڕێگەیەوە ئەو کـــچ و کوڕانـــەی نیازی پێنانـــە ژیانی هاوســـەرگیرییان هەیە چەکدار بکرێن بە ڕۆشنبیریی هاوسەرگیریی، گرنگی ئەم پرۆژەیە لـــەوەدا بوو کە نەدەبـــوو دادگا گرێبەستی هاوســـەرگیریی ئەنجام بدایە بێ پشـــتگیری ئەم خولە، بەڵام مەخابن پێشـــنیارەکە بەنیوەناچڵ پەسەند کرا، واتە دادوەرە بەڕێزەکان بوونی ئەو جۆرە خولەیان پێباش بوو بـــەڵام ئارەزوومەندانە، ئەمەش وایکرد پرۆژەکە لەبارچـــوو و چاوی بەم واقعـــە کۆمەڵایەتییە تاڵەی کوردســـتان هەڵنەهێنا.

لە زۆر وتـــاری ترمانـــدا جەختمان لەوە کردۆتەوە کە پرۆســـەی هاوســـەرگیریی لـــە ڕۆژگارێکی وەك ئەمـــڕۆدا و لای زۆرینـــەی خێزانـــەکان لە پرۆســـەیەکی بازرگانـــی دەچێت، بـــڕی ئاڵتون و بڕی مارەیی و جۆری شەکراو و هۆڵی ئاهەنگ گێڕانەکە و مۆدێلی ژووری نوســـتنەکە و کەلوپەلەکانـــی تری ناو مـــاڵ، زۆرترین پانتایی گفتوگۆکانی نێوانە ماڵی کچ و ماڵی داواکار پێکدەهێنن. ئەمە لەکاتێکدا تێگەیشتن لە خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانی ئەو دوو دنیا جیاوازەی نێوان دوو مرۆڤەکە ئەرکی لەپێشینەی خودی کچ و کوڕەکەیە و فەراهەم کردنی کەشـــێکی گونجاو بۆ ئەو دوو مرۆڤە بەمەبەســـتی دیالۆگێکی عەقڵانی دوور لە کاریگەری سۆز ئەرکی لە پێشینەی هەردوو خێزانەکەیە.

بێگومان بـــۆ کچ و کوڕێکـــی گەنجی ئەورووپی یان ڕۆژئاوایی ئەم مەســـەلەیە هیچ گرنگییەکی نابێت، چونکە لەلایەك پرۆگرامەکانی خوێندن ئاشـــنای کردوون بە زۆرێـــك لەلایەنەکانی ژیانی ڕەگەزی بەرامبەر، لەلایەکی ترەوە میدیای بینراو و خوێندراو قسەی خۆیان هەیە لەمبوارەدا، هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکەش ئەو کەشەی فەراهـــەم کردووە کە دیـــواری کۆنکرێتی لەنێـــوان دوو ڕەگەزەکـــەدا نەبێت. بەڵام بوونی ئەو هۆشیارییە و دروستکردنی ئەو پردە بۆ دیالۆگ لانیکەم لەســـەروبەندی پێکهێنانـــی ژیانی هاوســـەرییدا لەنێوان کوڕان و کچاندا پێویســـتە، زۆر ســـتەمە کوڕێـــك بچێتـــە ژیانی هاوســـەرییەوە و هیچ زانیارییەکی نەبێت دەربارەی سوڕی مانگانـــەی هاوســـەرەکەی، دەربـــارەی پێداویســـتییە ڕۆحی و ســـۆزدارییەکانی ڕەگەزی مێینە، بێگومان لە ئامادەنەبوونی هۆشیاری پێویستدا ڕەنگە کوڕ لەخۆیەوە بڕوانێتـــە ڕەگەزی بەرامبـــەر و بەمەش دەکەوێتە هەڵەی گـــەورەوە کە بێ باجدان لێیدەرناچێت. هـــەروەك بۆ کچەکەش وایە کاتێك واتێبگات کە ڕەگەزی نێر کۆپییەکە لە ڕەگەزی مێینە بەهەمان شێوە دەکەوێتە هەڵەی گەورەوە.

ئەوەی مایەی نیگەرانییە لەم ڕۆژگارەی کۆمەڵگەکەماندا ڕێژەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان بەتایبەتی خێزانە تازە پێکهاتووەکان ڕوو لە زیادبوونە، تەنانەت ئێستا مۆدێلی کۆمەڵایەتـــی ســـەیرتریش پەیدابووە کە بریتییە لە هەڵوەشـــاندنەوەی گرێبەستی هاوســـەرگیریی لەقۆناغی دەستگیرانیدا، ئەمـــە وێـــڕای زیادبوونـــی دیـــاردەی ناپاکیی هاوســـەریی، خێزانی بەئاژاوە و ناجێگیریش ڕێژەیەکی بەرچاو پێکدەهێنێت لەنـــاو خێزانەکاندا. بۆیـــە دەتوانین بڵێین ئاسایشـــی کۆمەڵایەتـــی کۆمەڵگەی کوردی ناجێگیرە، ئەمەش مەترسی لەسەر ئاییـــندەی کۆمەڵگەی کوردی دروســـت دەکات.

ئەو گەنجانە یاخود ئەو هەرزەکارانەی لە خەونە پەمەییەکانی پەیوەندە ڕۆمانســـییەکانیاندا دەژیـــن، دەبێت لـــەو خەونانەیـــان ڕابن و چیتر خۆیان لە نمایشـــکردن و بەســـتنی دەمامکی جۆراوجۆر بەدوور بگرن، زۆرێك



لەو کچانەی لەپەیوەندی سۆزدارییەوە پێدەنێنە ژیانی هاوســەرگیریی سکاڵا لەدەست ئەوە دەکەن کە هاوسەرەکانیان هەمـــان ئەو کەســانە نیــن کە پێش ئەنجامدانی هاوسەرگیریی لەگەڵیاندا بوون، واتە پێشتر کەسانی سۆز بەخش و ڕۆمانســی و نەرمونیـــان بـــوون، بەڵام دوای پرۆســەی هاوسەرگیریی ڕەفتارەکانیـــان گۆڕاوە و نە ســۆز و خۆشەویستییان وەك جارانە و نە ئەو گرنگییەی جارانمـــان پێدەدەن.

هۆکاری ئــەم گۆڕانکارییانە لــە ڕەفتــاری کــچ یــان کوڕەکانـــدا دەگەڕێتەوە بۆ ئــەوەی کە ئــەوان بەر لــە هاوســەرگیریی هیــچ دیالۆگێکی عەقڵانیان لەنێوان نەبــووە و تەنها لەژێر کاریگەری سۆزدا مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر کردووە، کە پاڵنەری سەرەکیشییان (چەپاندنی سێکســی و ســۆزداری) بووە، بۆیە کاتێك دەچنە ژیانی هاوســەرگیرییەوە ئیــدی دەمامکەکان دادەماڵرێن و ڕووە ڕاستەقینەکان دەردەکەون، ئەم حاڵەتەش بــۆ زۆرێك لــەوان دەبێتە شــۆکێکی دەروونی.

زۆرینــەی کێشــەکانی ژیانــی هاوســەرگیریی لای خێزانــە تــازە پێکهاتــووەکان دەگەڕێتــەوە بــۆ نەشــارەزابوون و ئاشــنانەبوون بــە میکانیزمەکانی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا، ئەمەش تەنها بــە ناســین و ئاشــنابوون بە پێکهاتەی ســۆزداری و فەســلەجی و ســایکۆلۆژی ڕەگــەزی بەرامبەر دەکرێت، کەواتە بەر لە هاوسەرگیریی بــا خێزانی کچ و کوڕە هــەرزەکار و گەنجەکانمان، هەروەها خودی کچان و کوڕانیش لە خەمی پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنە مەعریفییانەدا بن زیاتر لەوەی لــە خەمی دنیایەکی مادی و خەونی پەمەیی نەزۆکدان.

# سارا: خۆم سووتاند بۆ ئ

**کچێکی خاوەن بڕوانامە، دوای ئەوەی پوورزاکەی دەستدرێژی دەکاتە سەری، خۆی دەسووتێنێت، ڕاشکاوانەش بۆ گوڵان دەدوێ و پەردە لەسەر هەموو نهێنییەکانی لادەدات.**

کچێکی خاوەن بڕوانامە، دوای ئەوەی پورزاکەی دەستدرێژی دەکاتە سەری، خۆی دەسووتێنێت، ڕاشکاوانەش بۆ گوڵان دەدوێ و پەردە لەسەر هەموو نهێنییەکانی لادەدات.

خۆسووتاندنی ئافرەتان تا هەنوکەش دیاردەو قەیرانێکی ناو کۆمەڵگەیە کە بنبڕ نەکراوە، هۆکارەکانیشی زیاتر بۆ نائومێدی لە ژیان، نەخۆشی دەروونی و تۆڵەکردنەوە دەگێڕنەوە. قوربانیانی ئەم دیاردەیە زۆرجار ڕێژەی سووتانەکەیان زۆرە و گیانیان لەدەست دەدەن، لە ئەگەری مانەوەشیان دەبێت تا دوا هەناسەی ژیانیان بە پەشیمانی بژین.

سارا ناوی خوازراوی کچێکی دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێرە کە لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا پێشوازی لە مەرگ کردووە. ئەو لەسەر قەرەوێڵەیەکی نەخۆشخانە ڕاکشابوو، دایکی بە چاوێکی پڕ فرمێسك لێی دەڕوانی. جەستەی بەگشتی لەفاف کرابوو، تەنیا سەری بەدەرەوە بوو، بە چاوە ڕەش و گەشەکانی سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد، سەرەتا ئامادەنەبوو هیچ قسەیەك بکات، تەنیا بە تووڕەییەوە گوتی «خۆم سووتاند بۆ ئەوەی بمرم، نەك ڕیسوایی ببینم». بەڵام کە خۆی و دایکی دڵنیابوون ناوی ئاشکرا ناکرێت و مەبەستی (گوڵان) تەنیا وریاکردنەوەی هاووڵاتییانە، هێور بوویەوەو گوتی «باشە هەموو نهێنییەکانم ئەدرکێنم با بۆ کچانی دیکە ببێتە پەند».

سارا خۆی بە تاوانبار دەزانی و بە شەرمەوە چاوەکانی لە هەر نیگایەك دەدزییەوە، بەڵام پرسیارەکانی ڕاستگۆیانە وەڵام دەدایەوە. دایکی کە هاوەڵی نەخۆشخانەی بوو، ئێمەی بەجێهێشت، ساراش سفرەی دڵی کردەوە.

وەك خۆی باسیکرد ئەو کچی گەورەی دایك و باوکێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیرە، کە باپیرەی کۆچی دوایی کردووە، داپیرەی تەنیا بووە، چونکە هەموو کچ و کوڕەکانی لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا بوون، سارا بە ڕەزامەندی دایك و باوکی لەلای داپیرەی دەژی. لە تەمەنی شەش ساڵی خراوەتە بەر خوێندن و لە قوتابییە زیرەکەکان بووە. سارا زۆر هۆگری داپیرەی دەبێت و هەردووکیان لەو ژیانە هاوبەشەیان زۆر ڕازی دەبن.

سارا کاتێك وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە هۆکاری خۆسووتاندنەکەی چی بووە، فرمێسکە قەتیس ماوەکانی بە سەر گۆنای ئاڵیدا گلۆرە دەبێتەوە و هێدی هێدی بەمجۆرە نهێنییەکانی دەدرکێنێ.

«تەمەنم ١٧ ساڵ بوو، کوڕێکی پوورم لە هەندەران گەڕایەوەو لای داپیرەمان میوان بوو، ئەو زۆر سەیری دەکردم، منیش پێموابوو عەتفێکی برایانە و خزمانەیە، بۆیە بەلامەوە زۆر ئاسایی بوو، بەڵام نەمزانی ئەو نیازی چەپەڵە. چەند ڕۆژێك لە ماڵی داپیرەم مایەوە، بەیانییەك داپیرەم لەگەڵ ژنانی دراوسێ چوونە پرسەیەك، کوڕە پوورەکەم هێشتا خەوتبوو، منیش دوای تەواوکردنی کارەکانی ناوماڵ چوومە گەرماو بۆ جل شوشتن، نازانم چۆن بوو، زۆر گەرم بوو، منیش جلەکانی سەرەوەم دەرهێنابوو، لە پڕ دەرگاکە کرایەوە و کوڕە پوورەکەم خۆی کرد بە ژووردا، دەستم برد مەکسییەکەم لەبەر بکەم، دەستی گرتم، لێی تووڕە بووم، دەمی گرتم، ئیتر زۆر دڕندانە پەلاماری دام و دەستدرێژی کردە سەرم».

سارا کچە خاڵی ئەو کوڕەیە و بەردەوام کوڕە پوورەکەی بە«نەفرەت» دەکات. دوای سڕینەوەی فرمێسکەکانی گوتی «دوای ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیە، دنیام لەبەر چاو تاریك بوو، پێمگوت: تۆ منت بێچارە کرد، دەتەوێ یاری بە کەرامەتم بکەی؟ بەڵام ئەو گوتی: تۆ دەبیتە هاوسەری خۆم و هیچ کێشەیەکمان نابێت، بەڵام من پەشۆکا بووم، بەبێ ئیرادەی



**ئەو ناپاکەی دەستی بریم، حاشای لە تاوانەکەی کرد**

# ـــەوەی بمرم نەک ڕیسوایی ببینم

خۆم ماڵی داپیرەم بۆ چەند ڕۆژێك جێهێشت و چوومەوە بۆ ماڵی باوكم، كوڕە پوورەكەشم بە پەلە هەڵهات و بۆ هەندەران گەڕایەوە، پێیوابوو، دایك و باوكم ئاگادار دەكەمەوە».

وەك سارا باسیكرد، داپیرەی زۆر بێ ئۆقرە دەبێت و دەچێت بە شوێن سارادا و لەگەڵ خۆی دەیهێنێتەوە بۆ ماڵەكەی، بەڵام ڕەنگ زەردی و خەمۆكی سارا، لەلای دەبێتە جێی پرسیار و بەردەوام بەرۆكی سارا دەگرێت بۆ ئەوەی هۆكاری خەم و ئازارەكانی ئاشكرا بكات.

«داپیرەم زۆر جێی متمانەیە، ئەو دایكایەتیشی بۆ كردووم، هیچم لێنەدەشاردەوە، بۆیە ناچار بووم لە ڕاستی ڕووداوەكە ئاگاداری بكەمەوە، داپیرەشم داوای كرد ئەو نهێنییە بپارێزین، چونكە گەر باوكی بەم كارەساتە بزانێ، نەك هەر كوڕە، بەڵكو دایكەكەشی دەكوژێت كە خوشكی خۆیەتی، دوای ماوەیەك داپیرەم پوورمی لەو تاوانەی كوڕەكەی ئاگادار كردەوە، داواشیكرد بەپەلە مارەم بكەن، بەڵام كوڕە حاشای لە كردنی ئەو كارە كرد، پووریشم زۆر هەوڵیدا كوڕەكەی بمخوازێت و كۆتایی بە كێشەكە بهێنرێت، بەڵام ئەو ناپاكەی دەستی بڕیم، حاشای لە تاوانەكەی كرد».

سارا ئەوەش ناشارێتەوە كە داپیرەی دوای ئەوەی لەو هەوڵە نائومێدی دەبێت، لەگەڵ پووری ڕێكدەكەون و «بە پارەیەكی زۆر ڕاپۆرتێكی پزیشكی ساختە» دروستدەكەن و دواتر باوكی سارا ئاگاداردەكەنەوە كە سارا لە سەربان بەربۆتەوە و ڕاپۆرتی پزیشكییان هەیە كە بە هۆی ئەو ڕووداوە كچێنی نەماوە.

ئەو كارەساتە لەلای سارا ببوو بە گرێیەكی گەورەی دەروونی، سەرەڕای ئەوەش لە خوێندن دانەبڕا و دڵشكاوانە پەیمانگەی هونەرە جوانەكانی تەواو كرد، بە درێژایی ماوەی خوێندنی لە پەیمانگە بە هۆی ڕێكوپێكییەوە زۆر لە كوڕەكان خۆیان لێی نزیك دەكردەوە، بەڵام ئەو هەموویانی ڕەتكردەوە، چونكە كچێكی ئاسایی نەبوو.. «ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داواكاریم زیاتر دەبوو، منیش بێ بیر كرنەوە ڕەتمدەكردنەوە، ئامادە بووم هەموو تەمەنم تەنیا بم، بەڵام كەس بەم نهێنییە قێزەوەنەم نەزانێ، كچانی تر كە خوازبێنییان دەهات، باسی ماڵ و خشڵ و سەروەت و سامان و بڕوانامەیان دەكرد، منیش پێچەوانەی ئەوان تەنیا باس باسی ڕاپۆرتە لەعنەتییەكەم بوو، لەم دواییە كوڕێكی پۆلیس هاتە داوام، تەنیا بڕوانامەی سەرەتایی هەبوو، داپیرەم پێیگوتم: لە كەلی شەیتان وەرەخوارێ و لەم كوڕە باشترمان دەست ناكەوێ، دواجار دایكیشم ڕازی كردم، بەر لە هەموو شتێكیش باوكم هەواڵی ڕاپۆرتە پزیشكییەكەی پێدان و گوتی بە منداڵی لەسەربان بەربووەتەوە، ئەوانیش ڕۆیشتن و گوتیان بیری لێدەكەینەوەو وەڵامتان دەدەینەوە، بەڵام هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو نەگەڕانەوە، دواجار كوڕێكی ناسیاوی خۆمان هاتە داوام، من زۆر پاڕامەوە كە چیدیكە بریندارم نەكەن و لەوە زیاتر ئازاری دەروونیم نەدەن، بەڵام ئەوان گوتیان ئەوە خزمی خۆمانە و خزم گۆشتیشت بخوا ئێسقانت ناشكێنێ، بەڵام دیسان ئازارەكان دووبارە بوونەوەو برینەكانیش كولانەوە، كوڕە قەردارێشی كردینەوە و گوتی: مادام كچەكەتان بە كەڵكی شووكردن نایەت، بۆ خەڵك ماندوو دەكەن؟ ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم، ڕاپۆرت بوو بە دێوەزمە و مۆتەكە، كە ڕۆژ بووەوە چوومە ناو گەرماوەكە و لە شوێنی تاوانەكەدا ئاگرم لە جەستە بێنرخەكەی خۆم بەردا، بۆ ئەوەی ئەو نهێنییە خەفەكراوەی دەروونم نەدركێنم».

پزیشكانی سارا ئاماژەیان بەوە دا كە ڕێژەی سووتانەكە زۆر نییە و هیچ مەترسییەكی لەسەر نەماوە، بەڵام سارا لە كۆتاییدا ئامۆژگاری هاوڕەگەزەكانی دەكات كە «هیچ كاتێك فریو مەخۆن و هەرگیزیش پەنا بۆ خۆسووتاندن نەبەن».



**هیچ کاتێک فریو مەخۆن و هەرگیزیش پەنا بۆ خۆسووتاندن نەبەن**